# زانکۆ و کۆمەڵگە... کامەیان ئەویتر ئاراستە دەکات؟

نووسینی: هەیلا عەبدوڵلا سەلیم

وەرگێڕانی بۆ کوردی: پێنووس

لە نێوەندی ئەو گۆڕانکارییە خێرایانەی کە جیهان بەخۆیەوەیان دەبینێت، چیتر پرسیار لەبارەی ڕۆڵی زانکۆوە پرسیارێکی ئەکادیمیی دابڕاو نییە، بەڵکوو بووەتە بابەتێکی ڕای گشتی کە پەیوەستە بە ناسنامەی کۆمەڵگە و داهاتووی زانکۆکان. ئەم مشتومڕە لە سعوودیا ئێستا بەچڕی بابەتی گفتوگۆیە، هاوکات لەگەڵ ئەو دەنگۆیانەی لەبارەی بڕیارەکانی زانکۆی شا سعوود سەبارەت بە دووبارە ڕێکخستنەوەی پڕۆگرامە ئەکادیمییەکانی، لەوانەیش کەمکردنەوە یان هەڵوەشاندنەوەی هەندێک لە پسپۆڕییە مرۆییەکان، لە هەنگاوێکدا کە وەک هەوڵێک بۆ گونجاندنی فێربوون لەگەڵ پێویستییەکانی بازاڕی کار لێکدانەوەی بۆ دەکرێت.

ئەم هەنگاوە، سەرەڕای ئەوەی لۆژیکێکی ئابووریی ڕوونی لەپشتە، دەرگەیەکی فراوانتری بۆ گفتوگۆ کردەوە: **ئایا دەبێت زانکۆکان خۆیان بەپێی داخوازییەکانی بازاڕ دووبارە دابڕێژنەوە، یان ڕۆڵە قووڵەکەیان لەوەدایە کە خودی ئەم بازاڕە لە ڕێگەی بەرهەمهێنانی مەعریفە و هۆشیارییەوە دروست بکەن؟**

لە ڕووی مێژووییەوە، زانکۆ تەنیا دامەزراوەیەک نەبووە بۆ دەرچوواندنی فەرمانبەران. هەر لە سەرەتای دروستبوونی یەکەمین زانکۆکان لە ئەوروپا، فەزایەک بووە بۆ پیشەسازیی بیرۆکەکان، بەرهەمهێنانی هۆشیاری و نوخبە فکرییەکان. بەڵام لەگەڵ سەرکەوتنی ئابووریی پیشەسازی و پاشان دیجیتاڵی، ئەم ڕۆڵە پلەبەپلە گۆڕا، و زانکۆکان زیاتر بە سیستەمی ئابوورییەوە بەسترانەوە و، تەنانەت هەندێک جار بوونە پاشکۆی ئەو سیستەمە ئابوورییە.

لەگەڵ ئەوەیشدا، تێزی "زانکۆکان و کەلتوور"ی توێژەر "ئەندرێ کامینۆ" کە لە ساڵی ٢٠٠٩ لە زانکۆی لەندەن بڵاو کراوەتەوە، ئاماژە بەوە دەکات کە ئەم وەرچەرخانە بە واتای نەمانی ڕۆڵی کەلتووریی زانکۆ نایەت، بەڵکوو ڕۆڵی زانکۆ ئاڵۆزتر دەکات؛ چونکە جەخت لەوە دەکاتەوە کە **"زانکۆی ئەمڕۆ پەیوەندییەکەی بە کەلتوورەوە لەدەست نەداوە، بەڵکوو بووەتە دامەزراوەیەکی کەلتووریی ئاڵۆزتر"**؛ بەو پێیەی زانکۆ قەوارەیەکی تێکەڵاوی کەلتوورەکانە: کەلتووری توێژینەوە، کەلتووری بازاڕ و کەلتووری ڕەخنە. زانکۆکان فەزایەکن کە ڕەخنە بەرهەم دەهێنن، پرسیار دەورووژێنن و ڕووبەرێک لە سەربەخۆیی دەپارێزن؛ کەواتە پەیوەندییەکە هێڵێکی ڕاست نییە وەک ئەوەی زۆر کەس دەیناسن.

فەیلەسووفی فەرەنسی "میشێل فۆکۆ" چوارچێوەیەکی ڕەخنەیی بۆ تێگەیشتن لەم گۆڕانکارییانە پێشکەش کردبوو، کاتێک مەعریفە و دەسەڵاتی پێکەوە گرێ دابوو. ئەو پێی وابوو ئەوەی لە دامەزراوە فێرکارییەکاندا دەخوێنرێت بێلایەن نییە، بەڵکوو ڕەنگدانەوەی هاوسەنگیی هێزە لە کۆمەڵگەدا. بەپێی ئەم تێڕوانینە، ئاراستەکردنی خوێندن بەپێی بازاڕ تەنیا بە واتای گۆڕینی پسپۆڕییەکان نایەت، بەڵکوو دووبارە پێناسەکردنەوەی ئەو شتەیە کە وەک "مەعریفەی خاوەن بەها" دادەنرێت. ئەمەیش هەمان ئەو شتەیە کە تێزەکە جەختی لێ دەکاتەوە کاتێک ئاماژە بەوە دەدات کە خوێندنی زانکۆ ئێستا زیاتر وەک "کاڵایەکی ئابووری" سەیر دەکرێت نەک بەهایەکی کەلتووریی ڕەمزی.

**بازاری کار خۆی چیتر جێگیر نییە، بەڵکوو بەخێرایییەکی زۆر دەگۆڕێت□ ئەمەیش وای کردووە لێهاتووییەکانی بیرکردنەوەی رەخنەیی و فێربوونی بەردەوام ببنە پێویستی□ نەک کاتبەسەربردن.**

لە گۆشەنیگایەکی ترەوە، فەیلەسووفی ئەڵمانی "یۆرگن هابەرماس" جیاکارییەکی گرنگ لەنێوان "عەقڵی ئامرازی" کە سەرنج دەخاتە سەر کارایی و بەرهەمهێنان و، "عەقڵی گفتوگۆیی (پەیوەندیکارانە)" کە هەوڵی تێگەیشتن و بنیاتنانی مانا دەدات، دەخاتە ڕوو. لەم چوارچێوەیەدا، زانستە مرۆییەکان بڕبڕەی پشتی ئەم عەقڵە گفتوگۆیییەن، چونکە توانای بیرکردنەوەی ڕەخنەیی، تێگەیشتن لە خود و پرسیارکردن لە ڕێڕەوەکانی، بە کۆمەڵگە دەبەخشن. تێزەکەیش پاڵپشتیی ئەم مانایە دەکات کاتێک کەلتوور لەناو زانکۆدا دەبەستێتەوە بە "بەرهەمهێنانی مانا بە شێوەیەکی بەکۆمەڵ و تێگەیشتن لە جیهان".

بۆیە، کەمکردنەوەی ئەم پسپۆڕییانە تەنیا وەک ڕێکارێکی کارگێڕی ناخوێنرێتەوە، بەڵکوو وەک وەرچەرخانێک لە تێڕوانین بۆ ئەرکی فێربوون خۆی. ئەو فێربوونەی کە تەنیا جەخت لەسەر لێهاتووییە تەکنیکییەکان دەکاتەوە، ڕەنگە لە کورتخایەندا لە دابینکردنی پێویستییەکانی بازاڕدا سەرکەوتوو بێت، بەڵام پرسیاری قووڵ لەبارەی توانای بۆ دروستکردنی مرۆڤێکی خاوەن بیرکردنەوەی سەربەخۆ و گونجاو لەگەڵ گۆڕانکارییەکاندا دەورووژێنێت. بەتایبەت ئەگەر ئەوە ڕەچاو بکەین کە بازاڕی کار خۆی چیتر جێگیر نییە، بەڵکوو بەخێراییەکی زۆر دەگۆڕێت؛ ئەمەیش وای کردووە لێهاتووییەکانی بیرکردنەوەی ڕەخنەیی و فێربوونی بەردەوام ببنە پێویستی، نەک کاتبەسەربردن.

تەنانەت زانکۆ، وەک چۆن ئەدەبیاتی نوێ جەختی لێ دەکاتەوە، وەک یەکێک لە دوایین ئەو فەزایانە دەمێنێتەوە کە ڕێگە بە وروژاندنی پرسیارە گەورەکان، گفتوگۆی ئازاد و جیاوازیی بەرهەمهێنەر دەدات. تێزەکەی کامینۆ ڕوونی دەکاتەوە کە زانکۆکان "ڕووبەرێک بۆ وروژاندنی پرسیارە ڕەخنەییەکان و دەربڕینی جیاوازی و گەیشتن بە تێگەیشتن لە ڕێگەی پێداچوونەوەی بەردەوامەوە دابین دەکەن." بەڵام ئەم ڕۆڵە ڕووبەڕووی گوشارێکی زۆر دەبێتەوە، بەو پێیەی "بەهاکانی بازاڕ و ڕکابەریی ئابووری، دزەیان کردۆتە ناو زانکۆکان و کەلتووری دامەزراوەییان دووبارە داڕشتووەتەوە."

لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی، نموونەکانی پەیوەندیی نێوان زانکۆ و بازاڕ جیاوازن. لە زانکۆی ستانفۆرد، هاوبەشییەکی بەهێز لەنێوان توێژینەوەی ئەکادیمی و پیشەسازیدا بەرجەستە دەبێت، کە یارمەتیدەر بووە لە دروستکردنی ژینگەیەکی داهێنەرانەی پێشکەوتوو؛ ئەگەرچی ئەمە لەسەر حیسابی کەمبوونەوەی ڕێژەیی

ئامادەیی زانستە مرۆییەکان بووە. لەبەرامبەردا، زانکۆی ئۆکسفۆرد هاوسەنگییەکی نەریتی لەنێوان پسپۆڕییە زانستی و مرۆییەکاندا دەپارێزێت؛ ئەمەیش لە ڕوانگەیەکەوە کە پێی وایە بنیاتنانی مرۆڤ هێندەی بڕوانامە و ئامادەکردنی پیشەیی گرنگە.

بەڵام لە چوارچێوەی وڵاتێکی وەك سعوودیادا، پرسیارەکە ڕەهەندێکی زیاتر وەردەگرێت کە پەیوەندیی بە ناسنامەوە هەیە. پسپۆڕییە مرۆییەکان، وەک زمانی عەرەبی، مێژوو، کۆمەڵناسی و دەروونناسی، ئەرکیان تەنیا فێربوون نییە، بەڵکوو ڕۆڵێکی سەرەکی دەگێڕن لە پاراستنی یادەوەریی بەکۆمەڵ، لێکدانەوەی گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکان و بەهێزکردنی ئینتیمای کەلتووری. لێرەوە، هەر کەمکردنەوەیەکیان پرسیاری ڕەوا دەورووژێنێت سەبارەت بەوەی کێ لە داهاتوودا ئەم ڕۆڵانە دەگرێتە ئەستۆ؛ سەرەڕای ئەوەی تێزەکە جەخت دەکاتەوە کە زانکۆ هێشتا وەک “فەزایەک بۆ فرەییی بەهاکان و بەرهەمهێنانی ماناکان” دەمێنێتەوە.

ئەمە بە واتای ڕەتکردنەوەی نوێکردنەوەی فێربوون یان پشتگوێخستنی داخوازییەکانی بازاڕ نایەت، بەڵکوو ئاڵنگاریی ڕاستەقینە لە بەدیهێنانی هاوسەنگییەکی ورددایە لەنێوان هەردوو لایەنەکەدا. زانکۆیەک کە وەڵامدەرەوەی پێویستییەکانی ئابووری بێت بەبێ ئەوەی پەیامە کەلتوورییەکەی لەدەست بدات و، هاوتای داهاتوو بێت بەبێ ئەوەی لە ڕەگەکانی دابڕێت.

لە کۆتاییدا، ناتوانرێت ڕۆڵی زانکۆ لە یەک ئەرکدا کورت بکرێتەوە. ئەو تەنیا کارگەیەک نییە بۆ لێهاتووییەکان و، تەنیا پارێزەرێکی کەلەپووریش نییە، بەڵکوو فەزایەکی ئاوێتەیە کە هەردووکیان کۆ دەکاتەوە. ئەو پرسیارەی کە دەبێت لە هەر پرۆسەیەکی چاکسازیدا ئامادە بێت ئەمەیە: **ئایا زانکۆ دووبارە دادەڕێژینەوە بۆ ئەوەی خزمەتی بازاڕ بکات، یان بازاڕ دووبارە دادەڕێژینەوە بۆ ئەوەی هاوتای مەعریفە بێت؟**

ڕەنگە هاوسەنگترین وەڵام ئەوە بێت کە پەیوەندیی نێوان هەردوو لا نابێت پەیوەندییەکی پاشکۆیی بێت، بەڵکوو دەبێت پەیوەندییەکی کاریگەریی دوولایەنە بێت؛ چونکە ئەو زانکۆیەی سەربەخۆیی مەعریفیی خۆی لەدەست بدات، توانای داهێنانیشی لەدەست دەدات و، ئەو کۆمەڵگەیەی مەعریفە پشتگوێ بخات، قیبلەنمای خۆی لێ ون دەبێت.

سەرچاوە: گۆڤاری المجلة، بەردەستە لەسەر ئەم بەستەرە: https://www.majalla.com/taxonomy/term/246111<<<<.